The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

# بانگەوازێک بۆ ڕەوەندی کورد لە بەریتانیا

## سەبارەت بە جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق لەسەر تاوانبارانی شاڵاوە شوومەکانی ئەنفال

لای هەموو لایەك ئاشكرایە كە ماوەیەكی زۆر بەسەر جێبەجێكردنی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەكانی عیراق تێپەڕیوە، بەڵام تا هەنووكە خۆیان لێ بێدەنگ كردووە و بڕیارەكە هەر جێبەجێ نەكراوە، كە تایبەت بوو بە تاوانباركردنی گەورە تاوانبارانی ڕاپەڕاندنی شاڵاوەكانی ئەنفال دژ بە گەلی كورد لە ساڵی 1988 لە باشووری كوردستان و لە سێدارەدانیان.

ئێمە لە ناوەندی هەڵەبجە (چاك) داوای دەستەبەجێی ئەنجامدانی ئەو بڕیارە دەكەین و هەموو شێوازێكی ئاشتیخوازانە دەگرینە بەر لە دژی دەستخستنە كاروباری دادگا و جێبەجێنەكردنی بڕیارەكانی.

دەسەڵاتدارانی عیراق تا هەنووكەش بە هۆكاری هەمەجۆر ئەو بڕیارەی دادگایان ڕانەپەڕاندووە. ڕوحی قوربانیانی شاڵاوەكانی ئەنفال داوا لە هەموو كوردێكی جگەرسۆز دەكات لەسەر ئەو ناعەدالەتیەی دەستەی سەرۆكایەتی عیراق و حكومەتی عیراق بەڕێوەی دەبەن دەنگی ناڕازیبوونی خۆیان هەڵبڕن.

بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژی شەممە، 2007-11-24 لە كاتی 11 بۆ 1 نیوە ڕۆ , هەموو لایەك داواكراون لە بەرامبەر سەفارەتی عیراق لە لەندەن خۆپیشاندان بكەن و داوای جێبەجێكردنی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەكان بكەن. بەمكارەكاش بەشداریەكی زۆر بچووكی ساڕێژكردنی برینی كەسوكاری شەهیدانی شاڵاوە شوومەكانی ئەنفال دەكەین.

شوێنی خۆ پیشاندان:

Iraq Embassy
9 Holland villas road
London
W14 8BP

كات : 11 بۆ 11 بە رواری 2007-11-24

تكایە بۆ هەر پرسیارێك پەیوەندی بە یەكێك لەو ژمارانەوە بكەن:

07709435998 ڕزگار
07855874747 بەختیار

ناوەندی هەڵەبجە (چاك) بەریتانیا
20 ی نۆڤێمبەری 2007
www.chak.be
chak_org@yahoo.com